

**نازانم چیم کردووه، بەڵام دەزانم چیم نەکردووە**

3/6/2013
لە هەڵەبجە رێز لە پشکۆ نەجمەدین گیرا
باران عەلی

رۆژی 2013/5/29 ناوەندی رووناکبیریی هەڵەبجە لە مەراسیمیکی شایستەدا لە هۆڵی یادگاری هەڵەبجەی شەهید و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و رۆشنبیران و لایەنی سیاسی و دەزگا کەلتووری و رۆشنبیرییەکان و هاوڕێیان و هاوخەباتی رێز لە مامۆستا پشکۆ نەجمەدین گیرا.
لە دەستپێکی مەراسیمەکەدا ئیدریس عەلی بەڕێوەبەری کۆڕەکە لە پێشەکییەکدا وتی: ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی رێز لە خەبات ئەزموون و قەڵەمی یەکێک لە رۆشنبیر و شاعیر و خەباتگێڕە دێرینەکانی شارەکەمان بگرین و بەدڵ سوپاسی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بواری ئەدەبی و ئەو خەباتە بەردەوامەی بکەین کە پێشکەشی کردووین، ئێمە هەمووان خۆمان بە قەرزاری خەبات و ئەزموون و هەڵوێستە ئینسانییەکانی پشکۆ نەجمەدین دەزانین و لێرەدا جێگای خۆیەتی بڕێک لەو قەرزە ئەگەر بە چەپکە گوڵێک یاخوود دوو وشەی شیرین بێت بیدەینەوە، ئێمە لەناوەندی رووناکبیریی هەڵەبجە و هەم وەک نەوەی نوێی هەڵەبجە شانازی دەکەین کە خەڵکی هەمان ئەو شارەی مامۆستا پشکۆین، هەروەها خۆشحاڵین کە دەبینین ناو وناوبانگی ئەم قەڵەمە باڵا بەرزەی هاوشارییمان سنووری ناوچەکەمانی تێپەڕاندووە لەسەرتاسەری نیشتماندا وەک رۆشنبیرێک و خەباتگێڕێک بە هەڵوێست دەناسرێت.
دوواتر مامۆستا ئازاد تۆفیق وتەی ناوەندی رووناکبیریی هەڵەبجەی پێشکەش کرد و لەوتەکەیدا کورتەیەکی لەسەر درووست بوونی ئەو کارو جالاکییە ئەدەبی و هوونەریی و رۆشنبیرییانە کرد کە لەماوەی درووست بوونییەوە ئەنجامی داوە، پاشان قسەی لەسەر کەلتووری ناوچەکرد و وتی:کە دەڵێین هەڵەبجە واتە سنووری هەورامان و سارەزووریش دەگرێتەوە و لەرووی کەلتوورییەوە هەمووان بەشدارن و رۆڵیان هەیە لە رەوتی پێشکەتن و کەلتووری پێکەوە ژیان لە ناوجەکەدا.
دوواتر ئاماژەی بەوەدا کە وەکو ناوەندی روناکبیریی هەڵەبجە خۆیان بە خۆشحاڵ دەزانن کە لەم ئێوارەیەدا رێز لەیەکێک لە مرۆڤە داهێنەر و بە ئەزموون و خەباتگێڕە دێرینەکانی خۆیان دەنین و وتیشی:ئێمە خۆشحاڵین لەم ئێوارەیەدا کەمێک لەو قەرزە بەمامۆستا پشکۆ دەدەینەوە، چونکە ئەو مرۆڤە بە قەڵەم و فکر و ئەندێشە و خەباتی بەردەوامی خۆی ئێمەی قەرزار کردووە.
دوواتر سەلاحە رەش بە نوینەرایەتی وەزارەتی رۆشنبیریی وتەیەکی کورتی پێشکەش کردوو لەوتەکەیدا تیشکی خستە سەر لایەنی ئەدەبی و فکری مامۆستا پشکۆ و بەیەکێک لە ساعیرە پێشەنگ و نوێخوازەکان وەسفی کرد و لە رووی لایەنی خەبات و تێکۆشانیشەوە هەڵوێستی ئەو مرۆڤەی بەرز نرخاند.
ئاکۆ کەریم مەعرووف وتەی یەکێتی نووسەرانی پێشکەس کرد و وتی: لە ئێستادا پشکۆ نەجمەدین لە کوردستاندا ناوێکی نامۆ نییە و بەهۆی ئەزموونی نووسین و خەباتەکەیەوە وەک یەکێک لە ناوە دیارەکان تەماشا دەکرێت کە رۆڵی بەرجاوی هەیە لە رەوتی گەشەی ئەدەبی و جوڵانەوەی کەلتووری و مەدەنیەتدا.

مەلا یاسین وەک یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی پشکۆ نەجمەدین وتی: من و مامۆستا پشکۆ مێژوویەکی دێرینمان پێکەوە هەیە، مامۆستا پشکۆ بەهۆی زیرەکی و ئاستی رۆشنبیرییەوە رابەر سیاسیی هەموومان بوو، زۆربەمان لە شتەکاندا پرس و رامان پێدەکرد، پشکۆ نەجمەدین لە شاخیش لە پەنا خەبات و تێکۆشاندا بەردەوام خەریکی نووسین و خوێندنەوە و خۆرۆشنبیر کردن بووە، بۆیە من وەک هاوڕێیەکی دێرینی کاک پشکۆ نازانم چ شتێک شایستەی ئەم رێزلێنانەیە تا پێشکەشی بکەم، لە راستیدا هیچ شتێک ناتوانێت پاداشتی خەبات و ئەزموونی پشکۆ بداتەوە.

سەرباری نالەباری تەندرووسی مامۆستا پشکۆ بەڵام لە بەر داواکاری هەندێک لە دۆستان و ئامادەبووان جەند کۆپلە شیعرێکی خۆی خوێندەوە و دواتر رێورەسمی بەخشینی رێزلێنانەکە دەستی پێکرد کە تیایدا چەندی لایەنی سیاسی و دامو دەزگای حکومی و ناوەندی رۆشنبیریی و ئەدەبییەکان هەڵەبجە خەڵاتی رێز و وەفایان پێشکەش کرد لەوانە( خەڵاتی بەڕێز مەلا بەختیار وەک هاورێ و هاوخەباتی دێرین مامۆستا پشکۆ)کە لەلایەن سامی هادییەوە پێشکەشی کرا، دواتر خەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیریی و لایەنەسیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و ناوەندنی رۆناکبیریی و رێکخستنە دێرینەکان و رێکخراوە ئەدەبیی و رۆشنبیرییەکانی پێشکەشکرا.

پشکۆ نەجمدین لە نێو گوڵباران و خۆشەویستی ئامادەبوواندا خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو رێزلێنانە دەربڕیی و بە دڵ سوپاسی ناوەندی رووناکبیریی هەڵەبجەی کرد کە وەهایان بەرامبەری نوواندووە و وتی: ئەوەی زیاتر خۆشحاڵم دەکات ئەوەیە کە ئەم رێزلێنانە لە شارەکەی خۆم و لە نێو دۆستان و هاوڕێیانی خۆمدا ئەنجام دراوە، من سوپاسی هەمولایەکتان دەکەم و پێموایە ئەوەی من لە رابردوودا کردوومە هیچ نییە جگە لە ئەرکیکی سەر شانی خۆم، من کە تەماشای بەرهەمەکانی خۆم دەکەم نازانم چیم کردووە، بەڵام دەزانم چیم نەکردووە.

شایانی باسە پشکۆ نەجمەدین ساڵی 1953 لە گوندی عەبابەیلێی هەڵەبجە لە دایک بووە، ساڵی 1975 بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی 1977 کۆلیژی کوشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، بەشداری هەر سێ کۆنفراسەکەی کەمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی کردووە، ساڵی 1985 ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش بووە، لە ساڵی 1989 وە لە وڵاتی سوید دەژی و تەمەنێکی لەگەڵ نووسین لە بوارە جیاجیاکادا گوزەراندووە و خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە لە بواری ئەدەبیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا، دیارتین کتێبەکانی(ئەزموون و یاد)ە کە تاکو ئێستا چەندی جار چاپ کراوەتەوە.